# ئەخلاقیات

## سمکۆ عەبدولکەریم

لەوە گەڕێ کە ئەم دیاردەیە لە نێو سەرجەم چین و توێژەکاندا هەیە ، بەلاّم لە نێو نووسەر و ڕۆشنبیراندا لەوە دەرچووە پێویست نەکات دوو قسەی لێوە بکەین ، ئەو ڕۆژە بۆ ئامادەکردنی تەوەرێك لە کوردستانی نوێ سەبارەت بە دەرەنجام و تێڕوانینی ڕۆشنبیر و نووسەران دوای هەڵبژاردنەکان چەند برادەرێك لە هەولێر دەستنیشان کران بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە بەشداری تەوەرەکە بکەن ، من زۆر بەلامەوە ئاساییە کەسێك بە هەر هۆیەکەوە بێت نەیەوێ وەلاّمت بداتەوە و پێت بلّێ ببوورە ، بەلاّم بەلامەوە ئاسایی نیە بە لوتفەوە داوەکەت بخاتە سەر چاوان و بەڵێنی ئەوەت پێ بدا کە وەلاّمت دەداتەوە ، کاتێکیش لە ڕۆژی دیاری کراودا کە بەڕێزی بۆی دیاری کردووی سەردانی دەکەی ، کەچی دوای چاوەڕوانیەکی زۆرو تێپەربوونی نیوسەعات بەسەر کاتی دیاریکراودا جا لە پرسگە دەرفەتت پێدەدرێ چاوت بە سکرتێرەکەی بکەوێ ، ئەویش بە دوو ووشە پێتدەڵێ ببوورە بە ڕاستی جەنابی بە هۆی سەرقاڵی هەندێ کارەوە ئەمڕۆ ناتوانێ بتبینێ ئەگەر بکرێ بەیانی سەرێك بدەیتەوە ( ئەمەیان مەبەستم کاك سەرۆ قادرە ) .

هەر بۆ هەمان مەبەست ڕێبوار سیوەیلی ڕوح سوك دوای ئەوەی بەڵێنیدا وەلاّم بداتەوە کەچی تەوەرەکە تەواویش بوو ئەو هەر دەنگی نەبوو ، لە نێو ئەو سێ برادەرەدا تەنیا فەرهاد پیربال ڕاستگۆ دەرچوو و تەلەفۆنی کرد ( یەکەم قسەی: نانووسم با هەر بەینی خۆمان بێ ) بەلاّم گوتی من وەلاّمی کوردستانی نوێ نادەمەوە .دەزانن بۆ ،چونکە کوردستانی نوێ بەر لە هەڵبژاردنەکان ئاوڕی لێم نەداوەتەوە.

لە هەمان چواچیوەدا و لە چەند ڕۆژی ڕابووردو کاك گۆران -ی بەرپرسی سایتی دەنگەکان تەکلیفی ئەوەی لێ کردم کە بۆ یادی مەرگی مارکس لە 2005/3/14 چەند پرسیارێك لە چەند برادەرێك بکەین ، کە بەهەمان شێوە لە کۆی چوار برادەر کە هەر هەموویان بەڵێنیاندا وەلاّم بدەنەوە، کەچی تەنیا دوو برادەر وەلاّمیان دایەوە ، ئەوەی لێرە بە لامەوە زۆر سەیر بوو کاك زیرەك کەمال بوو ، کە لە ڕۆژی دیاری کراودا تەلەفۆنم بۆ کرد ، دوای ئەوەی تەلەفۆنی یەکەمی هەڵنەگرت و دایخست ، هەر هەمان کات چەند جارێکی دیکە زەنگم بۆ لێدا کە چی خانمەکەی کوڕەك تلیکۆم هەر دەیگوت ئەو ژمارەیەی داوات کردووە داخراوە . کە ئەمەش بەلای منەوە یەك مانای هەیە (کاك زیرەکیش بۆ خۆی ئازادە چ ناوێکی لێدەنێ ) .بەلاّم بێشك ئەگەر تووڕەنەبێ دەڵێ لە کۆبوونەوە بووم . وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا هەموو کەسێك ئازادە لەوەی کە ئەو داوایەی لێدەکەی جێبەجێ دەکات یان نا ، بەلاّم ئازاد نیە لەوەی کە بەڵێنت پێ بدات و جێبەجێی نەکات .